# جەلەمۆرد ئەو گوندەی بەهەڵەبجەی دووەم ناودەبرێت

ئا : کاروان ئەحمەد



گوندی جەلەمۆرد یەکێکە لەو گوندانەی کە خاوەنی زۆرترین ئەنفالە و (٧٥) خێزانی ئەو گوندە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە و (٤٨٥) کەسیان بێسەرو شوێنە و تائێستاش ئاسەواری ئەو کارەساتەی پێوە دیارەو ژمارەیەکی زۆر لە کەس‌وکاری بەجێماونی ئەنفال لەو گوندەدا ژیان دەگوزەرێن و گەواهی ئەو مەرگەساتەن کە بەسەریاندا هاتووە لەرابردودا بەدەستی ڕژێمی بەعس.

مام ئەنوەر یەکێکە لە شایەدحاڵەکانی ئەنفال‌و هەشت کەس لەخێزانەکەی‌و (٥١) کەس لە بنەماڵەکەیان ئەنفالە، وتی" کە ئێمەیان برد بۆ تۆپزاوە جیایان کردینەوە کوڕە گەورەکەم لەگەڵ خۆماندا بوو کاتێك هاتن لێم بسەنن پێم وتن کوڕمە بەردەوام لەگەڵ خۆمدایە، بەڵام بەزۆر دەستیان راکێشاو لێیان سەندم، بەدەم گریانەوە بردیان و ئیدی نەمبینیەوە ، نازانم چی بەسەر هات" ئەماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە کاتی گواستنەوەیاندا

لە زیلەکاندا ئافرەتێك منداڵی بوو کەس نەبوو بچێت بەلایەوە هەڵیاندایە خوارەوە وتی" ئەو کاتەی لەسجندا بووین، رۆژانە حەوت بۆ هەشت کەسمان لێ دەمرد، دەچووینە دەرەوە قەبرمان لێ دەدا بەدەستی خۆم سەدان قەبرم لێ داوە، تەنها بستێکمان هەڵدەکەند لە پاش ئێمە سەگ دەهات و لاشەکانی دەخوار تەنها ئێسکەکان دەمایەوەو دوبارە دامان دەپۆشیەوە.

لەخێزانەکەم (٢١) کەسمان ئەنفالە و لەبنەماڵەکەشمان (٤٥) کەسمان ئەنفالە ئەمە وتەی (محەمەد کاکەمین)ە کە یەکێکە لە شایەتحال و بەرکەوتوانی ئەو کارەساتە، محەمەد دەڵێت: کەسوکاری ئەنفال لەسێ بواردا زۆر خراپە لە بواری دەرونیەوە زۆربەی توشی نەخۆشی دەرونی بووە لە رووی مادیشەوە خەڵکەکەی بەو موچە کەمەی ئەنفال ناژی، لە رووی مەعنەویشەوە زۆر بێ یارمەتیدەرن، ئەوەی خەڵکی گیراوە بەردەوام لە چاوەروانیدایە شتێك یان شوێنێك نیە خەڵکەکەی خۆی پێوە خەریك بکات تا لەو چاوەروانیە رزگاریان بێت و لە کێشە دەرونیەکان دور بکەونەوە، ئەمە جگە لە کێشە کۆمەڵایەتیەکانمان کەبەهۆی ئەو کارەساتەوە بەسەرماندا هاتووە، بە تایبەت پیرەکان زیاتر توشی کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەبن و گلەیی ئەوەی دەکرد کە حکومەت تاکوو ئێستا روفاتەکانی نەهێناوەتەوە بۆیان تا کەسوکاریەکانیان زۆریان لەو گۆشەگیری و دوودڵیە رزگاریان بێت.

سەبارەت بە کێشەو گرفتەکانی جەلە مۆرد لە رووی پەروەردەو باری بژێوی دەروونی خەڵکی گوندەکە مامۆستا (موحسین تەها ساڵح) بەرێوەبەری قوتابخانەی جەلەمۆردی سەرەتایی ، بەم شێوەیە بۆ گۆڤارەکەمان دوا، گوندی جەلەمۆرد ئەو گوندەیە کە بە هێرۆ شیمای دووەم دادەندرێت، چونکە تاکە گوندەکە زۆرترین جینۆسایدی ئەنفالی تێدا ئەنجامدراوە کە رێژەکەی ٤٨٥ ئەنفالە، لە دوای ساڵی ١٩٩١ وە گوندەکە ئاوەدان کراوەتەوەو دوو سێ پرۆژەی بچوکی بۆ کراوەو، بەڵام پرۆژەکان نۆژەن نەکراوەتەوەو وا بەرەو لە ناوچوون دەچن، قوتابخانەیەکی بۆ کراوەتەوە کە هەر بەناو قوتابخانەیە، دەنا ئەوە شوێنی خوێندن نییە، لەبارەی بژێوی و باری دەروونی قوتابیانی خێزانە ئەنفالکراوەکانەوە وتی" بژێوی لەم گوندەدا لە خراپیدایە ئەو قوتابیانە کە دێن بۆ خوێندن زۆربەیان رەش و روتن، توشی نەخۆشی دەرونی بوون، بۆیە داواکارم لە حکومەت ئاورێك لە منداڵانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بداتەوە.

(مام ئەفەندی)یەکێکە زیندنییەکانی نوگرە سەلمان و (٣٢) کەس لەخێزانەکەیان ئەنفالە، وەك شایدحالێك لە دادگایکردنی تاونبارانی ئەنفالدا لە بەغداد ئامادەبووە و وتی "ئێمە شکاتمان کرد ئیتر، ئەوەبوو ئەو لیژنەیەی ئێمە شکاتمان لێ کردبوو بەدەم داواکەمانەوە هات ، ئێمە چوینە سلێمانی و دواتر لەوێوە بۆ بەغداد، پاشان چوینە دادگای بالآی تاوانەکان لەوێوە بەرەو رووی سەدام و تاوانبارانی دیکە وەستاین و شایەتی خۆماندا، رۆژانە سێ سەعات شایەتیمان دەدا پاشان داوای قەرەبوو کردنەوەمان کرد، داوامان کرد ئێسك و پروسکی ئەنفالەکانمان بۆ بێننەوە، وتیشی" داواکارم داواکانمان جێبەجی بکرێت و نەك هەر ئەوانەی لە سێدارەدراون، بەڵکو سەرجەم تاوانبارانی تریش لە سێدارە بدرێن، حەقی ئێمەی خێزانی ئەنفالکراوەکان وەربگرنەوە".